گۆیدێک لە دزێخا.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

من بریتی سپی
گوڵە ژەهرینەکانی
عیشقم چنیوەتەوە
بەردی وشەم داتاشیوە
تا پەیکەری بارانی ئەو
لە کەرنەڤاڵی پەری
باسوتاوەکانی دزێخا
ببینمەوە
چی وەرزێکی شەختە بیابانە
خەزانی ئوخساری
تەزیوی بەهاری
هەڵچنیوە
چما ئەم هەموو خونە
تینوە
لە جەستەی پە ئەندێشەی
دارستانە لە خەو
بپژێ
چما ڕەگی هەڵقرچاوی
دارەکان
هاوار و
ناڵە ی
ئەقینی پە دەردی
زەمینیانە
چ ترسناکە ڕۆژەکان
بە بزەی
لەوی تە
لە سەرابا بە خەم دەژم
شکۆفە سپیە ژەهرینەکان
لەوانەیە ببنە
لەوی شەڵانگەزی تە
تینوو
بە نمە شیعری من

شکۆفە ژەرینەکانی عیشق
با لە بەستانی بوهەیمی ڕۆح
بۆرن
زەرد ، پەمەیی،
سوور،
وەک خونچی تکاوی
دڵی ئاسمان،،
وەک گوڵێدێک
لە وونبونەکی قژەنگا
بە قامیشەڵانی زەمانا
ڕۆئەکەم
تا چرێک
لە ئەستێرەی نیگایەکت
بدوێنم
وونبونەکی خەژە
گوڵێدێی لە دەزخا
وونبونەکی خەژە
دارستانی دڵی سامناک
مەست بە مەی ڕۆشی
ئیبلیسەکانی
یاخیبوون بە
گوڵێدە بە،
تە ووتت
لە ژێر مانگەکی شین
هەشتا ملوانکەی قژەنگی
منداڵێکی
لاسار و یاخی
نەپچرابێ
گوڵێدە بە
ڕۆحکی نەسرەوت
یادداشتە ئاگرینەکانی
سەفەری نەفرەت
کەشتی نەو گەکانی نەهات
نەیبردبێ
با لەم دەزخە قژەنگەی ئێستا
بە ئافات
بەیەک بنوسین

با بۆ فڕنا
بۆیەک بگەینەوە
ببۆ گەریدۆ وەک من
وەک ھەڵەی تەزیو
لۆ چنگی زریانا
بۆ شەختۆ خۆشبەختی ھەڵها
بتوۆیتۆوە
.....
وێنەکۆ تابلۆیەکی نیگارکێشی ئۆکرانی
Victor Zaretsky. باخچۆی شکۆفەکان))